

# مۆد و شێوازەکانی ئێکسسواری گوارە

هەمیشە ئێکسسوارەکان جوانیی خۆیان لە دەست نادەن و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ مۆدی تازە و شێوازی ناسکتر لە مۆدی ئێکسسوارەکان دەکەونە بەر دید و سەرنجی خانمان، هەر ئێکسسوارێکیش بایەخ و جوانیی خۆی هەیە، لە شێوەدا سەرنجڕاکێشن و لە دیزاینیشدا لەگەڵ مۆدەکانی دیکەی جلوبەرگ شیك دەکرێت و ڕەنگەکانیشی لەگەڵ ڕەنگی کەرەستەو ماکیاژ هاوشێوە دەکرێن. گوارەکان بە سەرەکیترین ئێکسسوارەکان دادەنرێن و لە مۆدی بەهاریشدا چەندین شێوە و دیزاینی تازەیان بەرچاو دەکەون. با لێرەوە ئاشنای گوارەی مارکەکانی جیهانی بین و ئافرەتانیش دەتوانن چەند مۆدێکیان هەڵبژێرن. لوتکەی مۆدە باوەکانی گوارە بریتییە لە: گوارەی زێڕی شێوە زنجیری لە مارکەی ((FOUNDRAE، هەروەها مۆدە ناوازەکانی بازنەیی مارکەی (LELE SADOUGHI)، لە ڕیزبەندی دواتر گوارە شێوە بازنەییەکان دێن کە ئەوانیش لە مارکەی (SHEBEE)یە، مۆدێکی دیکەی گوارەش دەرکەوتووە کە تەنیا تاکێکە بۆ هەر گوێچکەیەك، لە مارکەی (PAIGE NOVICK)، دوا مۆدەش بریتییە لە گوارەی لاستیك و مەتات و لە شێوەی کراوەدا، کە ئەویش لە مارکەی (JENNIFER FISHER)، خانمانی شەیدای گوارەکان دەتوانن سەیری ئەو مۆدانە بکەن و چەند دانەیەکیان هەڵبژێرن.





# سەرنجڕاکێشیی پـــرچ درێـــژی خانمان

لە دێرزەمانەوە ئاماژە بەوە کراوە کە ئافرەتانی پرچ درێژ، خاوەن جوانییەکی سەرنجڕاکێشن، زۆربەی پیاوان و گەنجانیش کچ و ژنی قژدرێژیان پێ جوانە و بەردەوام سەرسامیی خۆیانی بۆ دەردەبڕن. ئافرەتێکی ئەمریکی دەڵێت: کاتێك پرچم درێژ بوو، ڕۆژانە داوای خۆشەویستی و پێوەندی و هاوسەریم لێدەکرا، دوای ئەوەی قژم بڕی و کورتم کردەوە، ئێستا وەك جاران سەرنجی کەسانی دیکە ڕاناکێشم. جگە لەو ئافرەتە کە نموونەیەکی زیندوویی ئەوەیە پرچی درێژ پەسندترە لە پرچی کورت، چەندین ئەنجامی لێکۆڵینەوەش دەریانخستووە، کە ئافرەتانی پرچ درێژ جوانتر و سەرنجڕاکێشترن. گۆڤاری (ئێن)ی تایبەت بە جوانکاری لە ڕاپۆرتێکدا باسی لە جوانی پرچی درێژ کردووە و تیایدا هاتووە: ئافرەتانی قژ درێژ، لەبەر چاو ڕەگەزی بەرامبەر و تەنانەت هاوڕەگەزیشیان سەرنجڕاکێشن و خاوەن جوانییەکی مەستن، چونکە جوانیی قژیان دەبێتە گەشانەوەی زیاتری ڕوخساریان، لەلایەکی دیکەش بیرکردنەوەیەکی دیکە هەیە گوایە ئەوەی پرچی درێژ بێت، جوانی ڕوخساری لە دەست دەدات، چونکە جوانیی قژی ڕێگرە لە نیشاندانی جوانیی ڕوخساری.



# ڕێکخستنی ڕەنگی پشت چاو لەگەڵ ڕەنگی جلوبەرگ

هەندێ لەوانەی خەریکی ماکیاژی چاون، هەردەم دوودڵ دەبن لەوەی چ ڕەنگێك بۆ پشت چاویان هەڵبژێرن، بەتایبەتی کاتێك مەبەستیانە ڕەنگی پشت چاویان لەگەڵ ڕەنگی جلوبەرگیان شیك و گونجاو بێت، بەڵام زۆربەی کات لە هەڵبژاردنی ڕەنگی پشت چاودا هەڵە دەکەن. چەند ئامۆژگاری و ڕێنمایی هەن بۆ هەڵبژاردنی ڕەنگی پشت چاو و ڕەنگی جلوبەرگ، لێرەوە ئاشنایان بە:

کاتێك ڕەنگی جلەکەت بێجی و سپی دەبێت، پێویستە ڕەنگی پشت چاوت وەك زەردی خۆخ بێت، یان سوور و زەردی تێکەڵ، هەروەها کاتێك ڕەنگی جلەکەت مۆر و سوور دەبێت، واچاکە ڕەنگی پشت چاوت پەمەیی بێت، بە مەرجێك لە بەشی ژوورەوەی چاو تۆخ بێت و لەلای دەرەوەش کاڵ بێت. کاتێك جلەکانت ڕەساسی دەبێت، دەبێ ڕەنگی پشت چاوت لافەندر بێت و هەروەها دەتوانی ڕەساسی و سپی تێکەڵ بکەیت. بەڵام کاتێك ڕەنگی کراوەی وەك شین و زەرد و قاوەیی لەبەر دەکەیت، پێویستە ڕەنگی پشت چاوت پێچەوانە و سادە بن، تا ڕەنگەکان دژی یەکتر بن و جوانی چاوت ون نەبێت، بۆیە دەتوانی پشت چاوت سەوز بکەیت، سەبارەت بەوانەی ڕەنگی جلیان ڕەشە، پێویستە ڕەنگی پشت چاویان زەمرد بێت، واتە سەوزی بە بریقە و تۆخ.

# خانووی ڕوون لە ئاوێنە

هەندێ لەگیانداران هەن کاتێك ڕووبەڕووی مەترسی دەبنەوە، ئیدی خۆیان بە جۆرێك لەگەڵ شوێنی دەوروبەریاندا دەگونجێنن بۆ ئەوەی شاراوە بن، ئەو حاڵەتە بووە کرۆکی بیرۆکەی ئەو دیزاینەرە ئەمریکییەی بواری خانوو دروستکردن، کە جۆرە خانوویێك دروست بکات لەگەڵ دەوروبەرەکەی بگونجێت و ون بێت. ئەو دیزاینەرە ناوی (دۆج ئەتیکان)ـەو چەندین خانووی لەم جۆرەی دروستکردووە، دیارترین نموونەشی بریتییە لە خانوویێك دەکەوێتە بیابانی کالیفۆرنیا و لە ناوچەی (کواشیلا) کە ڕووکەش و بەشی دەرەوەی خانووەکەی لە ئاوێنە دروستکردووە، هەروەها بە شێوەی تێکەڵکردنی گۆشەنیگاو دیزاینەوە ئاوێنەکانی لە خانووەکە داوە، کە لە هەر لایەك سەیری خانووەکە بکەیت وا هەست دەکەیت تەنیا دیمەنێکی سرووشتییە و خانووەکەش ون دەبێت. ئەو پرۆژەیە ناوی (میراج)ـەو تا ئێستا (١٦) پرۆژەی لەم جۆرەی دروستکردووە و زۆربەیان جێگەی سەرنج و تێڕامانن.



# دیکۆر و کەرەستەی ماڵ لە وردە شووشە

(لیزا لیو)، ئەو هونەرمەندو دیزاینەرە ئەمریکییەیە، کە زۆربەی بەشەکانی ماڵەکەی بە دەستەکانی خۆی دروستکردووە، بڕوای بە کەرەستەی ئامادەکراو نییە، بەڵکو ساڵانێك خۆی بە تەنیا کەرەستەیەکی ماڵەکەی خەریك دەکات، نەوەك بچێت کەل و پەلێك بکڕێت. ئەو خانمە دانیشتووی شاری نیویۆرکە و دواجار چەندین تابلۆ و کەرەستە و ژووری چێشت و باخچەی لە وردە شووشە دروستکردووە، پرۆژەکەی لە ژێر ناوی (ژووری چێشت)ـە و تەنیا بۆ دروستکردن و ڕازاندنەوەی ماڵەکەی، ماوەی (٥) ساڵە خەریکی کارەکەیەتی، هەروەها (٣) ساڵی دیکەشی داناوە بۆ جوانکردن و ڕازاندنەوەی باخچەی ماڵەکەی، تا هەمووی لە وردە شووشە و مووروو داپۆش بکات، زیرەکیی ئەو خانمە لەوەدایە کە کەرەستەی فڕێدراوی شووشە وەك بوتڵ و پەنجەرەی شکاو کۆدەکاتەوەو پاشان دەیانکات بە کەرەستەی دروستکردن و ڕازاندنەوەی کەل و پەل و دیکۆری ماڵ.





## گەرماوی پێڵاو

دیزاینەر و ئەندازیارانی باڵەخانەو خانوو، هەمیشە لە دوای کاری نوێکاری و داهێنانن، بۆ ئەوەی کارێکی ناوازە لە بەرهەمەکانیان بکەن و لە کلاسیك و ستاندارد دەربچن، بۆیە تێکەڵی و گۆڕانکاری لە شێوە و دیزاینەکانی ژوور و بەشەکانی ماڵدا دەکەن. لە تازەترین ئەو حاڵەتانە دروستکردنی گەرماوێکە لە شێوەی پێڵاوی ئافرەتان. گەرماوەکە لەلایەن دیزاینەری ئیتاڵی بەناوی (ریڤەر کلایڤینۆ) کاری بۆ کراوە، کە درێژییەکەی (١٦٥) سەنتیمەترە بە ناوی (ئۆدری) کراوە. نرخی دەگاتە نێوان (١٧) تا (٤١) هەزار دۆلار، چونکە لە ماددەی پلاتینیۆم دروستکراوە و بەشی دەرەوەی شووشەیەو لە ژوورەوەش لە ماددەی (ئەکرلیك) دروستکراوە، بەم نرخ و کوالێتی دروستکردنەکەی دەبێتە گرانترین گەرماو، هەروەها ناوبانگی سەیرترین شوێنی خۆشووشتنیشی پێدەبەخشرێت.



# قەوان ئامێرێکی بەجۆش و پڕ یادەوەری کوردەواری

قەوان یەکێکە لە کۆنترین و نایابترین ئامێرەکانی میوزیك، لە نێو کوردەواریشدا یادەوەری و گوێگرتن لە نۆتە و ئاوازەکانی گۆرانی لەو ئامێرەدا بۆ سەردەمی کۆن دەگەڕێتەوە کە وەبیرهێنانەوەی ڕەسەنایەتی و ڕۆژەکانی ئەو سەردەمەیە. جاران لە ماڵان و لە نێو چایخانەکاندا دادەنرا، قەوان ئامێرێکی کۆنە و مێژووی دروستکردنی بۆ ساڵی (١٨٩٩) دەگەڕێتەوە. ئەو ئامێرە بە (فۆنۆگراف و گرامافۆن) ناسراوە، لەلایەن داهێنەری ئەمریکی (تۆماس ئەدیسۆن) دروستکراوە، ناوەکەی واتە (نووسینی دەنگی) دێت، کە لە هەردوو وشەی (فۆنۆ - phono φωνή) واتە دەنگ و (گراف - graph – γραφή) واتە نووسین دێت. ئەو پارچە بازنییەی کە بە سیدی قەوان ناسراوە، لە کاتی ریکۆردکردن لە دەرەوە بۆ سەنتەری قەوانەکە ریکۆرد دەکرا، ئەو ئامێرە بەر لە چلەکان هێنراوەتە کوردستان، قەوان لە چەند پارچەیەك پێکدێت لەوانە: قەوان ئەو دیسکەی کە گۆرانی لەسەر تۆمار دەکرا، جاران لە قیڕ دروست دەکرا، هەروەها بووقێکی گەورەکردنی دەنگی هەیە و دەرزییەکی تایبەتیش بۆ خوێندنەوەی قەوانی لەسەرە کە عەینەی هەڵگری دەرزییەکەیە و سنی هەڵگری قەوانە، بەشێکی دیکەی بریتییە لە هێواشکردنەوە و خێراکردنی سووڕاندنەوەی قەوانەیەکەیە ئەو بەشە لە ژوورەوەی ئامێرەکە هەبوو، بەشێکی دیکەی پەروانە و سپرنگ هەیە بۆ سووڕاندنی قەوانەکە و هەروەها هندریی قورمیشکردنی سپرینگەکە بە دەست قورمیش دەکرێت، بە ناوبانگترین مارکەی سندووقی قەوان ئەبو کەڵب بوو کە بە ئینگلیزی (his masters voice) بووە. وەستا مۆفەق عەلی، کە خاوەن دەزگای چاککردنەوەی ئامێرە دەنگییەکانە. دەربارەی قەوان چەند زانیارییەکی پێمان بەخشی و گوتی: ناوی قەوان لەلایەن باوك و باپیرانمانەوە ئەو ناوەیان لێی ناوە، لە ئێران پێی دەگوترێت (سەفحە)، ئالیەتی کارکردنی قەوان ئەلیکترۆنی نییە، بەڵکو میکانیك و فیزیاوییە، دوو جۆرە قەوان هەیە، جۆری یەکەم بە قەوانی سەندووق دەناسرێت و بۆڕی نییە، یان بووقەکەی نییە، لە جیاتی سەماعە و بۆڕی هەیە دەنگەکە دێتەوە ناو سەندووقی جەنتای قەوان و بەمەش دەنگەکە گەورە دەبێت، جۆری دووەم بە بۆڕییە و کاری ئەو بۆڕیە گەورەکردنی دەنگەکەیە وەك ئەوەی تەسجیلێك بێت سەماعەی داخلی هەبێ و دەنگەکە لە دەرەوە گەورە بکات. پێکهاتەکانی قەوان بریتین لە: چەندین کەرەستەی ناوەوە لەوانە زەمبەلەگ و چەند دیشلێك، کە وەك ناوەوەی کاتژمێری کۆن وایە، هندریش هەیە قورمیش دەکرێت و قورمیشەکەی پڕ دەکات، بەشی سەرەوە لە سنییەك پێکهاتووە و قەوانەکە دێتە سەری کە بە قەبارەی عەینەگی هەیە و دەرزییەکی پێوە، ئەو دەرزییە سەرێکی بە سەماعەکەوەیە و ئەگەر گەورە بێت و بە بۆڕیەکە دەبەسترێتەوە بە کردارێکی فیزیاوی و لێخشاندن دەنگەکە دروست دەبێت. ماوەی رووی هەر قەوانێك (٣) خولەك دەبێت واتە بە هەردوولاوە دەکاتە (٦) خولەك.

کاری تۆمارکردنی قەوان لەلایەن کۆمپانیاکانەوە بووە، وەك: ئۆدیۆن، کایرافۆن، بەیزافۆن لە بەیروت، نەعیم لە عێراق، چەخماخچی بوو، کلێشەك هەبوو، فافۆن بوو، بە قەبارەی قەوانەکە و بە گوێرەی دەرزییەکە و شوێنەکەی دەکۆڵی و دەنگەکەی تۆمار دەکرد، مایکرۆفۆنەکانیش هەبوون، کلێشەکەیان دەبردە بەریتانیا وەك ئەوەی (٢٠٠٠) قەوانی لەسەر ئەو کلێشەیە تۆمار بکرێت. قەوان زوو تێکدەچوو و دەسووا و لووس دەبوو، هەر قەوانێك بە درەمێك بوو، پێشوو بە عانە بووە.






## پەنــد و وتــە

یوجیـن بێرتلـۆت بریـێـچت، شـاعیر و نووسـەری ئەڵمانـی، هەروەهـا دەرهێنـەری بـواری شـانۆ، سـاڵی (١٨٩٨) لـە شـاری ئۆگسبێرگی ئەڵمانـی لەدایکبـووەو لـە سـاڵی (١٩٥٦) لـە ئەڵمانیـا کۆچـی دوایـی کـردووە، دەربـارەی پێشکەوتنی کۆمەڵگـە گوتوویەتی: بـە هیـچ شـێوەیەك کۆمەڵگـە پێـش ناکەوێـت، ئەگـەر لـە نێـو ئـەو کۆمەڵگەیـەدا چەندیـن چیـن و توێـژ هەبـن و دژایەتـی یەکتـر بکـەن، بەڵکـو کاتێـك یەکگرتـوو دەبـن، کۆمەڵگـەش پێـش دەکەوێـت.

# بۆ زانیاریت

تەمەنی خۆر!

لە ڕێگای «مێژووی تیشکدانەوەی تەنەکان لە سیستەمی خۆردا» دەزانیـن تەمەنـی خـۆر چەنـدە. خـۆر پێـش ئـەوەی بگۆڕێـت بـۆ زەبەلاحـی سـوور، نزیکـەی ١٠ مليـار سـاڵ مەزەندەی تەمەنی کراوە، ئەمـەش واتا ئـەم گۆڕانە لەپاش ٥ ملیار ساڵی دی خۆر دەمرێت. دەتوانیـن ئەمـەش بخەمڵێنین بە گریمانەکردنی ئەوەی خۆر دەمرێت کاتێك وزەی نامێنێت . ئەو کاتەشی کە پێویستە بۆ ڕوودانی ئەمە، نزیکەی کۆی گشتی ئەو وزەیەی خۆر - کە دەتوانێت بیکات بە ڕووناکی – دابەشی وزەی دەرپەڕیوو لە خۆرەوە، یان : تەمەنی خۆر = وزە / ( تێکڕایی وزەی دەرپەڕیـوو لـە خۆرەوە «وزە /کات»). تێکڕایـی دەرپەڕینـی وزە خـۆر = ١٠^٢٦*٣,٨ وات (٣,٨ بەدوایـدا ٢٦ سـفر بێـت). بەنزیکەیـش لـە ٠,٧٪ی بارستاییە بنەڕەتییەکەیی نەماوە . ئەم بارستاییە ونبـووەش گۆڕاوە بۆ وزە، ئەم وزەیەش بەرپرسە لە بڵێسەی خۆر بەم شێوەیە. بۆیە بە بەکارهێنانـی یاسا بەناوبانگەکـەی ئاینشـتاین E = mc2 بـۆ گۆڕینـی بارسـتایی بـۆ وزە، دەتوانیـن وزەی بەفیرۆچـوو بزانین، بەم هاوکێشەیە E = 0.007 * mc2، کاتێك ( C ) هێمایی خێرایی ڕووناکیـە، ( M ) یـش هێمایـە بۆ بارستایی خۆر لەکاتی ڕوودانی کارلێکی ناوەکی دا. ئێستا، ڕوونە کە چەقی خۆر، تاکە شوێنە کە پلەی گەرمی پێویستی هەیە بـۆ ڕوودانـی کارلێکـی ناوەکـی و پێویسـتی بـە نمونەیەکـی تـەواوە لەبارەی هەیکەلی خۆرە تاوەکو بەتـەواوی بزانی خۆر پلەی گەرمیی گونجاوی خۆر تا چەند هەیە بۆ کارلێکی ناوەکـی، بـەڵام، گـەر بـە خەمڵانـدن بێـت، ئـەوا دەتوانیـن بڵێـن لـە ١٠٪ی بارسـتایی خـۆر لـە چەقەکەیدایـە، ئەویـش شـوێنێکی گونجـاوە بـۆ کارلێکـە ناوەکییـەکان. لـە کۆتاییشـدا ئەم پێوەندییەمـان دەسـت دەکەوێـت : ( * 0,1 * E = 0.007 M sun * c^2 )، - بـە چەشـنێك M sun بارسـتایی خـۆرە و یەکسـانە بـە ( ٢ * ١٠ بـە توانـی ٣٠ ) کگـم. - دەشـتوانین ژمـارەکاری ئـەو وزەیـە بکەیـن کـە خـۆر دەیسـوتێنێت ئەویـش (١,٣ * ١٠ بـە توانـی ٤٤) جوولـە (واتـا : ١,٣ بەدواییـدا ٤٤ سفرە ). - بـە دابەشـکردنیشی دەتوانیـن : ٣,٨ * ١٠ بـە توانی ٢٦ وات ( ٣,٨ بەدوایدا ٢٦ سفر بێت) مان دەستکەوێت کـە تێکـڕای دەرپەڕێنـی وزەیـە. لـە ئەنجامـدا ١٠ ملیارمـان دەسـتدەکەوێت.



## هاوێنەی چاو لە ئەڵماس

لەمـەدوا دەتوانیـت بـڕە پارەیەکـی زۆر لـە نێـو چاوەکانـت هەڵبگریـت، پێویسـت ناکات بچیتـە بانـك و ئـەو هەمـوو کارە قورسـە بکەیـت، چونکە لە ئێستادا هاوێنەی چاو (Lens) دەرکەوتووە کـە لـە ئەڵمـاس دروسـتکراوە، نرخـی هـەر هاوێنەیـەك دەگاتـە (١٥) هـەزار دۆلار، جگـە لـەوەی ئـەو تێچـووەی تێدەچێـت، هەروەهـا ڕەنـگ و شـێوەیەکی سەرنجڕاکێشـی هەیـە، کـە وا دەکات کەسـی بەرامبـەر بـە وردی بڕوانێتـە نێـو چاوانـت، کۆمپانیایەکـی ئەمریکـی بـە نـاوی (Contact lenses) کاری دروسـتکردنی ئـەو هاوێنەیـەی کـردووە، بـەڵام ڕەنگـە ئـەو حاڵەتـە لـە یاسـادا ڕێگـەی پێنەدرێـت، نـەوەك ببێتـە کارێکـی نایاسـایی بازرگانـی.




### کاوڕ

لایەنـی سـۆزداریت کێشـەو گرفتـی تێدەکەوێـت، بـەڵام دەستەوەسـتان نامێنیـت و هەوڵـی بنبڕکردنـی گرفتەکان دەدەیت و لایەنی بەرامبەرت لە ڕاستییەکان دەگەیەنیت، بەمەش ویژدانت ئاسوودە دەکەیت.



### گا

سـادەیی و سـاکاریت ئـاکارو ڕەوشـتی جوانتـر کردوویـت، لـەلای کەسوکاریشـت شـیرینترو خۆشەویسـتر بوویت، بەڵام هەست دەکەیت کەسانێك ئەم هەڵسوکەوتانەی تۆ بەهەڵە لێك دەدەنەوە.



### جمک

پاداشتێکت بەدەست دەگات و باری داراییت بـەرەو باشـتر دەبـات، گەشـتێك بۆ سـەردانی کەسـێکی ئازیـزت دەکەیـت و لـە داهاتـووی نزیـك گرفتە سۆزدارییەکەشت بەرەو کۆتایی دەچێت.



### قرژاڵ

ئـەم ماوەیـە زۆر گرنگـی بـە ژیانـی کۆمەڵایەتیـت دەدەیـت، هەروەهـا ئـاوات و حەزەکانـت زیاتر دەبێت، بـەڵام کەمێك دڵتەنگ دەبیت بەهـۆی نارۆشـنیی ئاکامـەکان، نابێـن ئومێـدی خـۆت لەدەست بدەیت، چونکە بەخت یاوەرتەو سەرکەوتوو دەبیت.



### شێر

دڵـی دۆسـتەکەت مەرەنجێنـەو گرنگـی زیانـری پـێ بـدە، چونکـە ئـەو تـۆی زۆر خۆشـدەوێ. ئـاگاداری هەڵسـوکەتت بـە ئـەم ماوەیـە هەسـت بـە ماندووبـوون و بێـزاری دەکەیت، بەڵام دەستکەوتت دەبێت.




### گوڵەگەنم

لەبـواری ئەویندارییدا هەسـت بـە دڵتەنگی دەکەیت، ئەمەش بەهۆی دووردڵیتەوە بەرامبەر بـە دۆسـتەکەت و وا هەسـت دەکەیـت کە زۆر شـت هەیە لەتۆی دەشـارێتەوە،لەبیرت نەچێت تۆش زۆر شتت لەو شاردۆتەوە.



# شێوەی روخساری مرۆڤ و هێزی هەوا


پێکەنین و زەردەخەنە یەکێکە لە ئامانجی ئەو وێنەگرەی کە هەمیشە بە کارەکانی خەڵکی دڵخۆش دەکات، ئەو وێنەگرە ناوی (کین هێرمان)ـە، چەندین بەرهەمی سەیری لە بواری وێنەگرتندا بەدی هێناوە، کە هەندێکیان جێگەی سەرنجن، لە دوا کارەکانی وێنەی رووخساری مرۆڤی گرتووە کاتێك بە هەوا و بای بەهێز دەکەوێت، چونکە شێوەی روخساری مرۆڤ کاتێك بەر هەوا دەکەوێت زۆر سەیر دەردەکەوێت، خۆی لەوبارەیەوە دەڵێت: پێم سەیرە شێوەی روخساری مرۆڤ بۆ وای لێدێت، کەچی روخساری باڵندەکان تەنانەت بەر هەوای بەهێزیش بکەوێت، بەم چەشنەی بەسەرنایەت.



## کاریکاتێر

- ئەم کاریکاتێرە، باس لە ئاڵوودەبوونی مرۆڤ بە ئامێری مۆبایل و ئینتەرنێت دەکات، کە وا نیشان دەدات لەسەر دوورگەیەك بێت و هەر تەنیا خۆی بێت، ئاگاداری دەوروبەر و ژیانی ئاسایی نەبێت، هەروەك چۆن خەڵك لە ئێستادا بەو حاڵەتەدا تێدەپەڕن.

## تابلۆ



**نەمری و دوای جەنگ**

تابلۆیەکە و باس لە جەنگ و ماڵوێرانی دەکات، وەك ئەوەی ئێستا باڵی بەسەر وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کێشاوە، لەلایەن وێنەکێشی رووسی (فاسیلی فاسیلیڤیچ ڤێرشتاگین) کێشراوە کە ساڵی (١٨٤٢) لەدایك بووە. ئەو وێنەیەی لە ساڵی (١٨٧١) کێشاوە، بیرۆکەکەشی لە ئەنجام و دوای جەنگەکانەوە بۆ هاتووە، لە وێنەکەدا تەنیا کەللەسەری چەندین مرۆڤ هەن، فاسیلی لە دواوەی وێنەکەی نووسیوە پێشکەشە بە هەموو ئەوانەی شۆڕش و شەڕ دەکەن لە ئێستا و داهاتوودا، وێنەکە لەسەر کانڤاس کراوە و بە وێنەی زەیتی دادەنرێت، بە بەرزی (٧١) سەنتیمەتر و پانی (٦٠) سەنتیمەترە. فاسیلی لە ساڵی (١٩٠٤) کۆچی دوایی کردووە.

### گۆزە

ئەو دونیایە تەنیا رۆژێك و دووان نییە، رۆژێك هەر دێت ئەو کەسەی کە هەڵویستی بەرامبەرت خراپە پەشیمان دەبێتەوە، کەمێك دان بەخۆتدا بگرە و بە گەشبینی زیاترەوە لە داهاتووت بڕوانە.

### نەهەنگ

وا پێویست دەکات ئەو کێشەیەی ئێستات بە بێدەنگی چارەسەر بکەیت، چونکە ناحەزت زۆرە و هەوڵ دەدەن کێشەکەت ئاڵۆزتر بکەن، هەر لەماوەیە کەمێك ماندوو دەردەکەویت. بەڵام باری داراییت باشتر دەبێت.

### شایان

لەبواری سۆزدارییەوە سۆزێکی ئێجگار قووڵ لەناخی دڵتەوە هەڵدەقوڵێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەش زۆر بە گومانەوە لە خۆشەویستەکەت نزیك دەبیتەوە، پێویست بەم هەموو گومانە ناکات و دوودڵیش مەبە.

### دووپشک

لەو پرۆژەی کە بۆ دوارۆژت بیرت لێکردۆتەوە،تەنیا ئەوەندەی پێویستە دەست بە جێبەجێکردنیان بکەیت، ئەوەی دیکە خۆی بە ئاسانی جێبەجێ دەبێت، گۆڕانکارییەکان وات لێدەکەن لە رووبەڕووبوونەوە نەترسی.

### کەوان

مەترسە لە وەرگرتنی هەندێ هەڵوێست کە پێوەندی بە خۆشەویستەکەتەوە هەیە، لە رابردوو دوور بکەرەوە تا بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێیت، ئامۆژگاری دەوروبەرەکەت وەربگرە.

### گیسک

لایەنی سۆزداریت کێشەو گرفتی تێدەکەوێت، بەڵام دەستەوەستان نامێنیت و هەوڵی بنبڕکردنی گرفتەکان دەدەیت و لایەنی بەرامبەر لە راستیەنکان دەگەینیت، بەمەش ویژدانت ئاسوودە دەکەیت.